ئەمریکا گەیاندنەوەی چەند هاوپاتییەکی خۆی لە کەمپەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند

ئەمریکا ڕایگەیاند کە 11 هاوپاتی خۆی سەر بە گرووپی داعش لە کەمپەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی لە سووریا گەیاندووەتەوە وڵاتەکەی.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکی گەیاندنەوەی 11 هاووپاتی خۆی لەوانە پێنج منداڵ لە کەمپەکانی شوێنی جێگیربوونی خێزانەکانی ئەندامانی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا بە ئەمریکا ئاشکرا کرد.

هەروەها شەش هاووپاتی کۆنەدی، چوار هاووپاتی هەندەڕان و هاووپاتییەکی فینلاندیش کە سەر بە ڕێکخراوەی داعش کە لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکرات دەستگیرکرابوون گەیەندراونەتەوە وڵاتەکانیان.